# بیرەوەرییەکانم

## بەشی نۆیەم

**فایق جەمیل**
faieq04@hotmail.com

**دۆستایەتی وهاموشۆمان لە گەڵ گەلێ خێزانانی کۆیە لە کۆنەوە هەبووە بەڵام لە گەڵ بنەماڵەی ( عەبوڵواحیدی موختار ) بە بەشێوەیکی تایبەت وبە تێن وبەردەوام, چەندین ساڵ دراوسێ بوین کۆڵانەکی زۆر تەسك لەمەیان ماڵەکەمان , رۆژانە لە ماڵ بە یەك دەگەیشتین, لەلایەکی دی مام واحێدی موختار رۆژی لە نوسینگایەکەی باوکم بەسەردەبرد ئیشوکاری هەردولا بە یەکەوە بەسترابو .. لەم سەردەمە لەبەر نەبونی ( ناسنامە ) ئەبو گشت سکالایەك و داواکارێك ونامەیەك بۆ میری پاش نوسینی لەلایەن باوکم مۆری موختاری بەسەرەوە بێت لە گەڵ پوڵی دارایی نرخی لەم کات 20 فلس بو , لە هەمان کات منیش لەم مەیدانە ئەبوم بە لایەنی سێ یەم , کابرای خاوەن سکالا 25 فلسی یەکی پێدەدام بەراکردن ئەچومە دایرەی دارایی لەسەرا – دورنەبو – پوڵێکی 20 فلسیم دەکری , هەرجار بەم چەشنە 5 فلسم بۆ دەماوە گەلێ شتم پێدەکری بە زۆری قەسپی ئەشرەیی وکاکلە گوێز وشەکرۆکەو هەندێ جار دەفتروقەڵەم . پاش نیوەرۆ ئیش وکار کز دەبو مام واحێد ئەیناردە چایخانەکەی ئیسماعیل عارەب – بەرانبەر نوسینگاکە – بۆ تاوڵەو تاقمی چایە لەگەڵ ئیلیاهوجوو ومام تەیب بە تاوڵە رۆژیان ئاوادەکرد , یاریەکە ئەوەندە گەرم دەبو خەڵکان لێی کۆدەبونەوە , ئیلیاهو دەست ولاقەکی ئیفلیج بو گەلێ جار مام واحێدو مام تەیب لەتاوڵە پێی نەدەوەستان .**

**خالیدی کوری ناسراو بە ( دلێر ) هاوتەمەن وهاوقوتابیم زیرەك و چوست لە منداڵیەوە حەز بە گۆرانی و سرود و قورئان خوێندن بە تەجوید دەکرد , هەروها لە دواساڵەکانی سەرەتایی هەوڵی هونینەوەی شیعردانانی دەکرد . دلێر شاعیرو خەباتگێرو ئەدەب دۆست , تا ئەم رۆژگارە لە پارچە شیعرەکانی بەردەوامە , زێبای خوشکی لەگەڵ خالید چەند ساڵێ لە کەرکوك نشتەجێبون وخوێندنیشی هەر لەم شارە تەواوکرد وابزانم لە شیستەکان بو شوی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی { جەلال عەبدوڵرەحمان } کرد پاش کۆچی دوایی جەلال بە چەندین ساڵ شاری ( جنێف ) ی لە سویسرە کردە جێنشین هەروها بەدوایدا – وەك بزانم – بە چەند ساڵی خالیدیش هەر کەوتە سویسرە , عائشە ( ئایشە گوڵ ) خوشکی گەورەیان و _ هاوسەری خەباتگێرو روشنبیر مامۆستا( عوسمان حەسەن ) ._ نمونەی { خۆراگرێ وخەباتگێڕی و پێشکەوتنخوازی} ئافرەتانی کورد . بەڵێ خێزانی ئەم پیاوە نەبەردە لە کۆری خەبات وبزوتنەوەی نەتەوەیی بە درێژایی شۆرشی گەلی کورد هەرگیز نەسلەماوون– 1– .ئازادی کوری وهاوسەری بە جوتە بە کارەساتی ئوتومبێل لە دەربەدەری لە ئێران جوانە مەرگ وشەهید بوون دوو مناڵی ژێکەڵەیان بەدوا مایەوە . نەرمینی خوشکی _ مامۆستای ماتماتیك _ وا بزانم لە سالانی حەفتاکان بو شوی بە شێخ دارای شێخ نوری کرد چەند ساڵێ لە نێو شۆرشی گەلی کوردو دەربەدەر لە هەندەران 2– . نازەنینی خوشکی لەبەشی ناوخۆی کۆلێژی ( بەیتار ) لە شاری موسل– چوست و ئازا خۆی بەردەستی پیاوانی ئەمنی رژیم نەدا لە بەندو ئەشکەنجە رزگاری بو , چەندین ساڵە لەگەڵ دایك و کەژاڵی خوشکی و تاکە برایان ( محەمەد هاوتا ) ودومناڵەکەی شەهید ئازاد لە ولاتانی ئەورپا نشتەجێن .**

**شەهید جەعفەر عەبدوڵواحید – مامۆستای زمانی ئینگلیزی –سەرکەوتو و دڵسۆز لە دەرس وتنەوەوچالاکیەکانی قوتابخانە , رفتاری دۆستانەو دیموکراسی لەگەڵ قوتابیەکانی , دۆستایەتی وهاوکاری وریزلێنانی پتەو لەگەڵ دەستەی مامۆستاکان ,زیرەك و روشنبیرو ئەدەب دۆستێ قول وفرەوان وچەپرەو بەرەو تیورەکانی (ماوی) , لەهەمان کات کوردونشتمانپەرەوەر , زۆر شارەزا لە زمانی عەرەبی وفارسی جگە لە کوردی وئینگلیزی , قسە خۆش و روح سووك , هەردەم دەم بە بزەو خەنین , لە هەمان کات هەست ناسك ئینجا هەردەم پۆشتەو رێك وپێك ولێوەشاوە وخۆشەویست و رێزدار.**

**لەسەرەتای سالانی حەفتاکان لە بەغدا سەردانی کردین وهەواڵی داخوازکردنی ( قانعە ) ی خوشکی هاوسەرمی پێ راگەیاندین , ئەوەی راست بێ هەواڵەکە کتوپڕ بو بۆم, وای بۆ چوبوم –جەعفەر– دوا شت بیری لێ بکاتەوە لەم بارودۆخەی سیاسی و کۆری خەبات وجموجۆڵی حزبایەتیەکەی**

که تێیدا دەژیا ولیێ ئەسورایەوە – ژن هینان بێ . بە زیرەکی خۆی تێمگەیشت وبەراشکاوی وتی : ئەزانم تۆ چی ئەڵێی ..! .. بریاری خۆمەو داومە , ئیدی ئێمەش زۆر بەگەرمی پیرۆزبایمان لێی کردن وداوەتمان کردن بۆ بەغدا .

لەماوەی چەند ساڵێ کوروکیژێکی ژیکەڵەی بە ناو { رێباز و رەوا} لەهەولێر چاویان بە ژیان هەڵێنا هەر لەم ماوەیەش جموجۆلی حزبایەتی وکوردایەتی جەعفەر گەیشتبوە هەرەبەرزی بێ باك ولە خۆبردن لە نێو خەڵکان وجەماوەر لە کۆرو مەیدانی خەباتی سەخت ئەخولایەوە .( ڤانیعە )ی هاوسەری لە بەغدا بۆی گێرامەوە : ئەم شەوەی پیاوانی ئەمنی رژێم لە هەولێر هەولی دەستگیرکردنی جەعفەر بوون , ئێوارەکەی بە دەستی خۆی بەیاننامەی ( کۆمەڵە ) ی لە سەر مێزەکانی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر بلاوکردبۆوە .ئیدی هەر ئەم شەوە خۆی بەردەست نەدا خۆی حەشاردا تا لەگەڵ هەڤالانی شیخ شەهابی شیخ نوری و ئەنور –3 – دەستگیرکران لە بەندیخانەی ( ابوغریب ) – ئەبو غرێب – حوکمی ئیعدام دران . لەم ماوەیە گشت مانگ هاوسەری وخوشکی هاوسەرم و مناڵەکانی ونەرمینی خوشکەزای کە لەم کات لە کۆلێژی پەروەدە _التربیە – لە بەغدا دەیخوێند – سەردانی جەعفەرو هەڤالانی لە ژوری ئیعدام دەدا هەروها سەردانی شێخ دارا – قوتابی کۆلیجی کشتوکاڵ لە ئەبو غرێب – برای شێخ شەهاب کە لەهەمان بەندیخانە چەند ساڵێ حوکم درابو . بەش بە حالی خۆم لەم ماوەیە لە گشت لایەکەوە وا دەورە و ئابلۆقە درابووم بۆم نەدەکرا سەردانی جەعفەر بدەم, جگە لە بارودۆخی سیاسی نالەبار و ئالۆز هەرگیز چاووم بەرایی نەدەدا روبەرو بم لەگەڵ جەعفەر لە ژوری ئیعدام , هەڵبەتە جەعفەر بە گەرمی گلەیی لێی دەکردم وهاوسەرم بێ سود پاکانەی بۆ دەهینامەوە . هەرچۆنێك بێت ئەوەی راستەو بۆم ناشاردرێتەوە تا ئەم رۆژە لەم بارەوە ویژدان ودەرونم بریندارە وئازارم دەدەن .

تەرمی شەهید جەعفەر وهەڤالانی لە – الطب العدلي – لە نەخۆشخانەی _ الجمهوریە – وەرگیڕاو بەرەو شاری کۆیە هەڵبەتە شەهیدان شێخ شەهاب بۆ سلێمانی وئەنوەر بۆ کەرکوك , لە کۆیە هەروەك هاوسەرم ئەیگێرایەوە خەڵکان پێشوازی گەرمی یان لە تەرمی جەعفەر کردبو ماتەم و پرسێ بەجۆش بۆ سازدرابو گەرچی پیاوانی ئەمن لە کۆیە ئەم مەراسیمەی بە توندی قەدەغەکردبو . شەهید جەعفەر لە نێو جەرگی جەماوەرو گەڵی کورد وهەڤالانی وکەس وخزم و دۆستانی زندووەو هەرگیز نامرێ .لە سەرە سالانی نەوەتەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆیە بۆ ئەم شەهیدە نەبەردەی رێگای رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە سنگی شاری کۆیە پەیکەرێ بۆ بەرز کردبۆوە , بەداخەوە لە کارەساتی 31 ئابی ساڵی 1996
بە گولە تۆپ تێکیان شکاندو لە ناویان برد هەروەك رژیمی سەددام بە زندویی لە ناوی برد .

چەند ساڵێ بەدوای شەهید ( رێبازی ) کوری بە کارەساتی ئوتومبێل لە رێگای موسل و هەولێر بە توندی لەسەریەوە بریندارابو( ڤانیعە) ی دایکی کەمتر بەلام ( وەزیرە ) ی خوشکی ڤانعە و دو کیژی ( ئیلهام ) –مامۆستای سەرەتایی و (بالا ) ی بچوکی ناسك وجوان هەروها کوری – ئوتومبیلەکەی ئەژوا–بەناو (هەورۆ ) _منالانی ( جەلال لەتیف قەساب ) مردن . ئێمە کەبەیانی بە هەولێر گەیشتین لە نزیك ماڵیان چوار تەرم لە یەك خێزان بەدوای یەکدا بەسەر شانان بو دیمەنی تراژیدی دڵتەزین بەم چەشنە کەم هەڵدەکەوێت . رەوا ساغ مایەوە و لە خوێندن نەسەلمی تا کولێژی _ڤانون – ی لە هەولێر تەواوکرد

ماوەیێ بە پارێزەری خەریك بو هەندەی نەبرد شوی بە یەك لە هاوکاری ( رشید ) لە بنە ماڵەی بایزائای گەردی کرد . رەوا هەر لە منداڵیەوە گەڵێ خوورەوشتی باوکی لیێ بەدی دەکرا , چوست و وریاو زیرەك وقسە زان و گفتوگۆ خۆش .

رێباز لە ئەنجامی برینی سەری لەمەترسی دابو بە پەڵە بەنەخۆشخانەی ( جراحە الجملە العصبیة ) – واتە ( نەخۆشخانەی نشتەسازی مێشك ) – مان گەیاند لە بەغدا , لەهەمان رۆژ زۆر بە پەڵە نشتەزای بۆکرا رێباز لەمردن رزگاربو
بەلاق ودەست ودەمی ئیفلیج , ئیدی چەندین ساڵ ئەم مناڵە پەککەوتووە ئەم دختۆرو ئەوی دی لە موسل و بەغدا پێکرا بۆ ئەوەی رۆیشتن و جولانەوە و قسە کردنی باشتر بێت .

لەم ماوەیە دەوڵەتی ( کوبا ) بە دیاری نەخۆشخانەیەکی تەواوی – شەکەت وپەککەوتوو– ی پێشکەش حکومەتی عیراق کردبو – کەوتووبوە سەر شەقامی – ابو نواس – ئەبو نواس – لە بەغدا , گشت دختۆرو نێرس و ستاف وئامێرەکان و کەڵوپەڵی نەخۆشخانەکە کوبی بوون . لە بنەرەتا پێشکەش کرابو بۆ چاککردنەوەی شەکەت و پەککەوتووەکانی شەڕی ئێران وعیراق 980– 988 , رێباز بۆ ماوەی دو ساڵ لەگەڵ دایکی هاتووچوی ئەم نەخۆشخانەمان پێکرد بەراستی دختۆرەکانی کوبی زۆر زاناو دەست سوك بون ئامێرەکانیان سوود بەخش بەلام لە بەر ئەوەی لە هەولێر ئامۆژگاری دختۆرەکانیان جێبەجی نەدەکرد سودەکانی سەری نەدەگرت .

**نەخۆشخانە دیاریەکەی –کاسترۆ – بۆ سەددام لە هیچەوە نەبو , بەمەبەستی پاڵپشتی رژێم بو لە شەڕەکەی دژ ئێران کاسترۆ بە حسێبە نافرەجاکانی خۆی سەددامی بە پاڵەوانی سەربەستی و ئازادی لە قەڵەم دەدا بە تایبەتی دژ ئەمریکا لە چەشنی خۆیی ورژیمەکەی کە هەردوك لەیەك قالبی دکتاتۆری حوکمیان دەکرد .**

**سرنج کێشە بۆ ماوەی زیادە لە پانزدە ساڵ بە تایبەتی لە نێوان هەشت ساڵی شەڕ بە گژ ئێران , رژیم لە چەندین دەوڵەت لە چوارگۆشەی دونیا بامەرتەو یارمەتی بە گەڵێ شێوە پێی گەیشت , یەکێتی سۆڤیەت و هاودەوڵەتانی ئەورپای رۆژهەلات بە چەك وسیلاحی ئاسایی ونا ئاسای جۆراوجۆر جگە لە ئامێرو کەرستەی کارەبایی و میکانیك بۆ ئەمن ومخابراتی رژێم بو ئەشکەنجەو ئازاردانی رۆلا نی گەلی عیراقی ئازادیخواز , لەم بارەوە دەوڵەتی ئەلمانیای رۆژهەلات سەردەمی ( هۆنیکەر ) تاوانبار دەکرێ , سەیر ئەوەبو کە گشت ئەم چەك و سیلاح و ئامێرو دەستگاکانی شەڕ بە نرخی زۆر هەرزان وقەردی دورودرێژ ئەفرۆشانە رژێم تا ئەم رۆژگارە قەردەکان بە چەند مڵیار لە قەڵەم دەدرێن بویتە کلاوی بابوردو . لە هەمان کات رژێمی سەددام لەلایەن سۆڤیەت لە مەیدانی میدیا وسیاسەتی نێو دەوڵەتی بە هەمو شێوەیەك پاڵپشت دەکرا . ئەمریکا گۆیا دورەپەرێزبو لە شەڕی هەردولا – لە پەنادا کەم تەرخەمی نەدەکرد لە پاڵپشتی رژیمی عیراق بەتایبەتی لەبارەی تەکنەلۆژیا و لۆجستی مخابەراتی پێویست جگە لە چاوپۆشین لە کۆمپانیەکانی ئەمریکی جۆراوجۆر لە بواری فرۆشتنی ئامێرو کەرستەی ئەلکترۆنی وبابەتەکانی دی کە گرینگەیەکی سەرەکی و تایبەتی بو لەم کات بۆ رژیمی سەددام لەلایەکی دی دەوڵەتە سەرمایەدارانی هان دەدا بۆ بارمەتەی رژێم وپاڵپشت کردنی بۆ نمونە لە ساڵی 984 دەوڵەتی چاپان یەك ملیار دۆلاری بە – کریدت – بۆ رژیم لە بانك بۆ تەرخان کرد بۆ دابین کردنی خۆراك و ئازوقەو پێویستەکانی ژیان وابو لە ناوەراستی شەڕی هەشت ساڵەی رژیم نرخی گشتیان دابەزی بە شێوەیەك فەردەی برنج بە دە دینار بو هەروها شەکر وزۆربەی ئەمانی دی . هەڵبەتە دەوڵەتانی ئەورپا لە بارەی رژێم وبواری پاڵپشتی ویارمەتی دانی بە گشت چەشن وشێوە کەم تەرخەمیان نەکرد لەم رێبازە بەردەوام بوون بە تایبەتی ئەڵمانیا وفەرەنسا ئینجا ئینگلیستان وئیتالیا هەروها( بەرازیل) لە قارەی ئەمریکای باشور بە گۆشت و خواردەمەنی جۆراوجۆر جگە لە چەك وئوتوموبیل , دەوڵەتی ( ئەرجەنتین ) لەهەمان قارە ئەویش ئەسکوی خۆی لەمەنجەڵی رژێم تێوەردا دەوڵەتی( چین ) یش لە ئاسیا وگەڵێ دەوڵەتانی دی .**

**شایانی وتنە کە مەبەستی هەرە سەرەکی لە یارمەتی وپاڵپشت کردنی رژێم لە مەیانی شەڕەکەی دژ ئێران بە کورتی لە دو خال کۆدەبیتەوە :**

**یەکەم : بەهەر حال وبارودۆخ دەوڵەتی ئێران لەم شەڕە بە زەق و ئاشکرا سەرنەکەوی .چونکە بە حسێبی ئەمریکا سەرکەوتنەکەی زۆر دەوەستی .**

**دووەم : هینانەدی دەست کەوت و قازانجی زۆر بۆ کۆمپانیەکانی جوراوجۆری دەوڵەتانی سەرمایەدار بە تایبەتی سەرمایەداری ئەمریکاو ئەورپا .**

**بابگەرێنەوە شاری کۆیە : قشڵە لەسەر بڵندونێزکترین گرد لەشار بە چوار قوڵە دروست کراو بە بەردو گەچ لەسەردمی عوسمانیەکان مەڵبەندی جەندرمەی ئەم کات بنکەی پۆلیس و بەندیخانەی سەردەمی حکومەتی عیراق . تۆپی مانگی رەمەزان لەبەردەمی قشڵە بەرانبەر مزگەوتی گەورە دامەزرابو , مەلا عەبدوڵرەحمان لە بەر کورتی بالای ناسراو بو بە مەلا ( فندق ) بۆ فتارو بانگدان دوگردەکەی لە بان گومبەتی مزگەوت رادەوەشاند تۆپەکەش لە بن قشڵە گرمەی لێوە دەهات لە گەڵ هات وهاواری سەدان منالْ وهەرزەکارو خەڵکانی کۆیە لە خۆشی بەربانگ و رۆژوشکاندن . گردی قشڵە گۆرێکی زۆری بەسەرەوە بو هەزاران دارە زەیتون داپۆشتبو – دایکم هەر لەم گۆرستانە شاردرایتەوە – . لە سەردانەکانم بۆ ئەورپای رۆژهەلات گەڵێ قشڵەی لەشێوەی قشڵەی کۆیە بەدی کرد گەرچی زۆریان گەورەوپەرلاغ تر بە تایبەتی لە ولاتی یوگۆسلاڤیای پێشو بۆنمونە لە شاری (نیش) .بینای سەرای حکومەت لە کۆیە ئەویش بۆ دەورانی عوسمانیەکان دەگەرێتەوە بە بەردو گەچ دروستکراو لە مەیانی چەند ساڵێ بە پێویست دەست کاری لێوە کراوە , کەوتوتە ناوشار لە گەرەکی بەفریقەندی , حکومەتی کۆیە بەگشتی لەم بینایە کۆ بوبۆە بە قایمقام و دادگا و پۆلیس و گشت فەرمانبەران , چەند ژور لە سەرا جیاکرابۆوە بۆ یانەی فەرمانبەران . پۆستەخانە بریتی بو لە تاکە ژورێ لە کۆشکی بینایەکی نارێك بەرانبەر مزگەوتی ( مەلای رەش ) چەند سەد مەترێ لە ماڵێ ئێمە دور , خوارەوەی بیناکە ماڵێ بەرێوەبەری پۆستخانەکە بو بە ناو ( حەمدی فەندی ) لە خەڵکانی شاری کەرکوك , کورانی ( فەوزی وغازی و فەیسەڵ وسەلاحەدین ) هاوقوتابیمان بوون , کەڵوپەڵی دایرەکە برێتی بو لە مێزێ و دو کورسی شڕ لە گەڵ ( بەددالەیەك) لە خوارەوەش سندۆقێ ئاسنی سور بۆیاغ کراو بە قەد دیوار هەڵواسرابو بۆ نامە کۆکردنەوە ,( بەددالە ) کە هەر بە خەرەك دەچو بە تەڵ لەسەر ئەستونی دار تا ( بەددالە )کەی هەولێر بەسترابۆوە , دارتەلەکان زۆر شڕونابوت**

لەوەرزی زستان گەلێ جار ئەپچڕان . عطا الله -- (عەتاوەلا )– تاکە فەرمانبەر پاش حەمدی یە فندی ، گشت کاری پۆستەخانەکەی لە ئەستۆ بو ، ئەمیش لە خەڵکانی کەرکوك – کەواو چاکەت ومیشکی لەسەر ، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ هەولێر دەسکە خەرەکەکەی بادەدا وهاواری دەکرد پڕ شاری کۆیە ... هەولێر ... کورە هەولێر ... وا.. وای لێی کرای ..!! هەزار جوێن بە فلسێ !؟ جواب دەوە . بەم شێوەیە ئەوەی لە پۆستەخانە دەوتراو تەلەفۆن دەکرا زۆربەی شار گوێبیست دەبون بەتایبەتی لە شەوانی هاوین ، عەتاولا زۆر ترسنۆك بو شەوێ هاوین خەڵکان لە بانان خەوتوبوون هەرئەوەندەمان زانی مام عەتا هاوار دەکا ئەڵێ : بمگەنێ مار خواردمی ..!! کە بەهەنای چون دەرکەوت پارچە گوریسێکی ئەستوریان لەسەر ڕێگا بۆ دانابۆوە مام عەتا جارێکی دی چاوی بەم کۆڵانە نەکەت ، ئەوهەر بە ماری دەزانی ...!!

لە بارەی داب ونەرەتی خەڵکانی کۆیە : ژن هینان وگواستنەوەی بۆنەکی زۆر گرنگ بو لە ژیانی کۆمەڵ لە کۆیە ساڵێ گەلێ جار روی دەدا ،کە دایك – بەدەگمەن کور– کیژەی دەست نیشان دەکرد بۆ خواستن ، بە نەهێنی دایکی کیژە بەم نیازە ئاگادار دەکرا هەڵبەتە ئەمیش لە لای خۆیەوە هەرنەبێ بۆ هاوسەری وکیژەی دەدرکاند ، پاش ڕەزامەندی ، گفتوگۆ لە مەیان هەردو خێزان – بە تاییەتی هەردو دایك – دەست پێدەکات لەبارەی مارەیی پێش وپاش وجل وبەرگ وزێرو خشڵی بوك ، هەروها هەندێ جار کات وچۆنیەتی گواستنەوەو ماڵدانانیشی دەگرتەوە – 4–، زۆر جار بەسانا نەدەبراوە کۆسپەی دەکەوتەبەر وپێویستی بە یارمەتی پیاوانی ماقول وبەتەمەنی گەرەك و خزمانی هەردولای دەکرد بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە خێرە – 5–ئیدی کە کێشەکە برایەوە لە رۆژی دیاریکراو زۆربەی پاش بانگی عەسر یا مەغریبێکی زوو باوکی کورەو چەند خزمانی نزیك و زۆرجار لەگەڵ مەلای گەرەك، لەلایەکی دی دایکی کورەو چەند خزمان ودراوسێ لەژنان بە گشتی سەردانی ماڵێ کیژەی دەکەن – هەڵبەتە ماڵێ کیژەش لەلای خۆیانەوە چەند خزم ودۆستی نزیك ودراوسێ بۆ پێشوازی کۆدەکردەوە ، لەم دانشتنە داخوازی کیژەی دەکراو فاتیحە دادەدراو شەربەت دەخورایەوە ، لە دیوی ماڵەوەش لەلایەن ماڵێ کورە چەند –کلیلیەك – لێی دەدرا و لەهەمان کات دایکی کورە نیشانەی دەستگیرانی کە برێتیە لە پارچە زێرەك بە کیژەوەی دەکرد کە ئەنگوستیلە کەوتە باو ئەویش هەر زێرە لە پەنجەی چەپی دەکرا–6 – . پاش کێشەوبێشەی داخوازی زۆربەی بەماوەیەکی کورت – لەبەر چاونەفەسی ناحەزان لەلایەك وبەستنەوەی کیژە لەلایەکی دی ماڵێ کورە بەخۆ دەکەوتن بۆ مارەکردنی – 7– ، هەڵبەتە لە رۆژی دیاری کراو بە ئامادەبونی هەردو خێزان و هەندێ خزمان ودۆست و دراوسێ مەلا کیژەی مارە دەکرد ، بەم بۆنەوە دەستەسرو نوقل یا شەکرۆکەو چوکلێت لەناو زەرفێك لەسەر ئامادەبوان دابەش دەکرا لە هەمان کات ئەناردرا بۆ خزمان ودۆست ودراوسێ ، پاش مارەیی ئینجا ماڵێ کورە دەکەوتنە پاك وپوکی گواستنەوەی کیژە بۆ لای مێردی ئەمەش بە گوێرەی وەزعی کورە ی ئابوری وکۆمەڵایەتی کەم و زۆری ئەخایەند . پیش چەند رۆژێ گواستنەوە – کە هەر لە رۆژی پێنج شەمە یا دوشەمە ئەنجام دەدرا– بەزۆری دەستەخوشکانی بوك وهەندێ لە ئافرەتانی خزم ودۆست ودراوسێ لە ماڵێ کیژە کۆدەبونەوە بۆ ئامادەکردنی کیژە بە (خەنە) گرتنەوە و گەرماو و جل وبەرگی جوانی بوکێنی و رازاندنەوی بە زیرو خشڵەکانی بە وردە گۆرانی وبەستەی تاییەت بە کچێنی و بوك و شوکردن. هەر لەم ماوەیەش پێش رۆژی گواستنەوە باروبارگەوجیهازی بوك دەگۆزرایەوە بۆ ماڵی کورە بەڵام بۆ گوندو دێهات لە هەمان رۆژی گوازتنەوە ئەم کارە ئەنجام دەدرا ، رۆژی گواستنەوە قۆناغێ زۆر گرینگ بو لە ژیانی کیژە زۆریش تاییەت بو بۆ هەردو خێزان . لەم رۆژە چێشتان یا پاش جەمی نیوەرۆ پێشەکی باوکی کورە گەر نەبو – برا گەورەی ، مامی ، خاڵی – بوکی پەلەکیش دەکرد بە کلیلی وهات وهاواری خێزانی ماڵێ کورە وخزمان و دۆست ودراوسێ بەرەو ماڵێ زاوا بەڵام گەر ماڵەکە دوربا بە سواری وڵاغ ، پیاوێ ڕێشمەی وڵاغەکەی دەگرت دوانی دی ئەوبەروئەوبەری بوك لە هەردو حاڵەتا کیژێ پارچەلە بە ئاوێنەیێکی گەورەوە لە پێش بوك ڕێی دەکرد بە مانای روناکی ودوا رۆژی بە بەخت وشادی بۆ بوك ، هەڵبەتە کە ئوتومبیل باو بو بۆ ئەم فەرمانە بەکارهات گەر ماڵێ کورە دور بێت یا نزیك چەند جارێ ئوتوموبیلەکە لەنێوشار ئەسورایەوە گەلێ جار بە دۆڵ و زورناو هەندێ جار بە یەك دوو ئامێری مۆسیقاوە لە گەڵ چەند ئوتوموبیلی دی بە دوایەوە لە خێزانانی داوەت کراو بەم بۆنە --. شایانی وتنە مراسیمی گواستنەوەی بوك لە نێو خێزانانی دەوڵەمەندلە شار ئاغاو دەرەبەگی عەشایرو دێهات لە دەرەوەی شار بە جۆرێ دی ئەسورایەوە . شایی رەشبەڵەك ودوڵ وزورنا و تەقەکردن و رمبازی ماوەی سێ رۆژیی ئەخایەند و لە هەمان کات جەمی سێ رۆژە ئامادە دەکرا جاری واش بووە لە سێ رۆژ زیاتر بەردەوام بووە . گێرایەنەوە : جارێ لە گوندێ لە دەشتی شارەزور ئاهەنگی بوك گواستنەوە بۆ حەفتەیەکی رەبەق بەردەوام دەبێ ،هەردەم نادەم بەگزادەیەك لەم ناوچەیە بە چەند سوارێکەوە لە نێو ئاهەنگەکە ئامادە دەبن بۆ رێزلینانی بەگزادەو دەستوری عەشایری جەمی خواردن و شایی ودوڵ وزورنا کوتین تازە دەبێتەوە ، گوندەکە لەم بەزم وهەرایەکاوڵ دەبێ گەلێ لە ئاژەل لە تێنویی ئەخنکێن وئەوەی چاندراوە ئیشك دەبێت بڕی ئازۆقەو خواردەمەنیش لە ئاوایی نامینێت .

بوك گواسترایەوە ماڵێ کورە چۆل دەبێ جگە لە سەرشۆرێ یا ژنێ بەتەمن ناسرابو بە- بەربوك - , هەندێ جار دایکی کورەش لە گەڵدا - چاوەروانی بە زاوابونی کورەی دەکات ئەمیش بە پارچە قوماشێ بلوری خوێناویەکەی زاوابوون چەند درۆپەکی سور سەربەرزی ئەگەیاندە ماڵێ کیژە لە هەمان کات پیاوەتی و خۆهەڵکێشان و خۆشی بۆ ماڵێ کورە هەڵبەتە گەر ئەم چەند درۆپەیە بەدی نەکرێ کێشەکی دژوارو ئاڵۆز لە مەیان هەردو خێزان روی دەدا سەرجەم کیژە رەوانەی ماڵێ باوکی دەکرایەوە دوایدا ئەم گرفتە زۆری دەخایەند زۆربەی هەر نەبێ بە لێك جیابوونەوە کۆتایی دەهات - 8- . شایانی وتنە کە زۆربەی کوروکیژ تا رۆژی زاوابون یەکتریان نەدەدی ,لەلایەکی دی کورە مام زۆرجار ئەبووە کێشەو کۆسپەکی گەورەلە پێش مێردکردنی کیژە,بەدەستوری فامیلی وعەشایری

ئەم کات کیژ هی ئامۆزایە تا ئەم داوا کاری بێت تەنانەت گەر خاوەن چەند ژن ومنداڵیش بێت بۆ کەسی دی ناشێ بۆ یە پێویست بو هەرچۆنێ بێت ئەبێ رازی بکرێت زۆر جاریش ئەبووە رك بەرکێ وائەبو کیژە مێردی بە ئامۆزای نەدەکرد یا دایك وباوکی قایل نەدەبون لەم مەیانە کیژە ئەمایەوە نە ئەم ئەیتوانی شوکات نەکەسیش داخوازکاری دەبو-9-

رۆژی دوایی پاش زاوابونی کورە لە هەندێ ماڵێ کیژە جەمی بەیانی تاییەت بۆ ماڵێ کورە ئەنێرن بەم چەشنە سێ رۆژ بەردەوام ئینجا پاش ماوەیەکی زۆر یا کەم ماڵێ کورە بەگشتی لە گەڵ خزمانی نێزیکی هەردولا لەمال کیژە زۆربەی بۆ جەمی نیوەرۆ داوات دەکرێن ئەم داواتە گەڵێ مانای دەدا لە لایەك سەربەرزی وخۆشی کیژەکەیان لە لایەکی دی بۆ پتەو کردنی خزمایەتی نۆیی و یەکتر ناسین لە هەمان کات پێی کردنەوەو هام وشۆی کیژە بۆ ماڵێ باوکی- 10- بۆیە ئەم چەشنە داوەتانە ناسرابو بە ( پێ کردنەوەی کیژ ) ئیدی بەم شێوەیە وادەبو داوەت وداوەتکاری لە مەیان خزمان هەندێ جار دۆست ودراوسێ لە ماوەی چەند مانگێ بەردەوام دەبو

لە بۆنەکانی شاری کۆیێ ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر زۆر باوبو بە تاییەتی لە مانگی مەولود و جێژنی قوربان, لەوەرزی هاوین بە شەو لە بانوی خانوەکان - زۆریان بێ شورە - بون لە نێو ماڵ لە وەرزی زستان , مەلا بە کوردیەکی مەلایانە مەولودی دەخوێندەوە چەند فەقێی بەتەکیەوە ئەیانگێرایەوە .ئێستاش رستەیەك لە خوێندنەوەکەم لە یادە کە ئەیوت ( نەکورتە ونە تەویلە فەوقەل غایە جەمیلە ) -11- بەم شێوەیە گەڵێ رستەی (سەجەع )ی دی باسی دایك بونی پێغەمبەر وژیانی و ژن هێنانی و تا کۆچی دوایی ,گەرمەولودەکە بە تێروتەسل کرابا وا تاقمەکەی ( ملا ئەسعد )بە دەف و مەقامی ئایینی جۆشیان دەدا -12-

هەندێ جار مەولود گەر زۆر فرەوان بێ بە تاییەتی لە مانگی مەولود لە مزگەوتی گەرەك یا لە مزگەوتی گەورە ساز دەدرا , بە درێژای ساڵ لە گەڵێ بۆنەکانی ئایینی وکۆمەڵایەتی دەهاتە ئەنجام , لە شەوێ پێش گواستنەوەی بوك , گەرانەوەی حاجیان ,, سونەتانەی کور , بونی مناڵ بە تاییەتی کور یا نۆبەرە , هەندێ جار ئافرەت گەر مرازی بێتە دی مەولودی بۆ دەگێرِ لە ماڵ یا خێرو مەسرەفی مەولودەکە ئەدا بە مەلاو فەقێی مزگەوت ئەمان لەلای خۆیانەوەلە جیاتی خاوەنەکەی مەولودیان بە کورتی جێبەجێ دەکرد هەروها هەندێ جار مەولود ساز دەکرا بە بۆنەی گەرانەوەی خۆشەویستێ بۆ ماڵ یا چابونەوە لە نەخۆشیەکی قورس وسامناك یا سەرکەوتنیك یا رزگاربون لە کێشەیەك ...

مەولودی ژن گواستنەوە هەربە شەو ساز دەدرا کە تەواو دەبو درەنگی شەو چۆل دەبو لە مەلاو فەقێ وپیاوانی بە تەمەن ئینجا ئەبووە (ئەگلەنجە ) واتە خواردن وخواردنەوەو گۆرانی وبەستە بە دەف ومۆسیقاوە زۆر جار تایەر تۆفیق وسێو وگۆرانبێژانی کۆیەی دی تا بەرە بانگ لەم بۆنانە ئەیانچراند .

هەر کە ئەزاندرا حاجی لە گەرانەوەی نێزك بە شار بوە کورو براو خزمان هەندێ جار دۆست ودراوسێ ئەچونە پێشوازی , حاجی بەسواری ولاغ تا دەگەیی بە ماڵ هەردو دەستی بەم لاو ئەولا شۆر دەکردەوە خەڵکانیش بە درێژایی رێگا پەیتاپەیتا ناوپەڵیان ماچ دەکردن بەم بروایە ناوپەڵی حاجی لە بەردە رەشی کەعبەی خشاندیە پیرۆزە خوا- ئەم ماچکردنەی بە نیوە حەج حیساب دەکات -13- بە دابەزینی حاجی لەبەردەرگای ماڵ یەکسەر گایەك سەردەبرێ وگۆشتەکەی دابەش دەکرێ بەسەر دراوسێی وخزمان و خێزانە هەژارەکانی گەرەك - لە رۆژی سێیەم بۆ جەمی نیوەرۆ خواردنێکی زۆر ئامادەدەکرێ وشەویش مەولود دەگێردرێت ئەم مەراسیمە پێی ئەلێن ( شیلانەی حاجیان )- ئیدی هەر لەم ماوەیە بگرە تا یەك دومانگ خەڵکانی نیزك وخزمان ودۆست ودراوسێ بە (دیاری)یەکی گونجاو سەردانی ماڵی حاجی دەکەن , ئەویش لەلای خۆیەوە دیارێ یەکی حەجیان پێشکەش دەکات زۆربەی تەسبیح وبۆن وکڵ ودوگرد هەندی جار قوماش و کراس وگەڵێ وردەوالای دی .هەڵبەتە حەج کردن لەم سەردەمە تا ئوتوموبیل و فرۆکە پەیدا بو سانا نەبو بە سواری ولاغ جار وابوە نۆ مانگی خەیاندووە زۆر جار پیرو نەخۆشی بەردەوام لە رێگا یا لە

حجاز دەمردن لەگەڵ وەش گەڵێ حەجیان دوبارەوسێبارەیان دەکرد , حاجی لەنێو کومەڵ بە گشتی ڕێزوشوێنی خۆی هەبو جێی برواو بوتمانەی خەڵکان بوون .

بە پەیرەوی ئایین ونەرەتی کۆمەڵایەتی منالی کوری ئیسلام ئەبێ خەتەنە بکرێ , بە زۆری لە تەمەنی یەك دوساڵی هەندێ ئیدعایان دەکرد کە سەیدن وکەشیدەدار لە مالآن ئەم کارەیان ئەنجام دەدا , لە سالآنی دوایی هەندێ بەربەری ناسراو لە شار ئەوانیش بەم کارە هەڵدەستان –14– . پێش ڕۆژی منداڵەکە بە شۆرین ودشداشە و کلآوی سپی و گەمەی منالآن و نوقل وشەکرۆکە ئامادەدەکرا بەم بۆنەوە منالآن وئافرەتانی خزم و دۆست ودراوسێ لە ماڵێ کورەی کۆدەبونەوە جەمی نیوەرۆ لەگەڵ شەربەت وشیرنەمەنی ئامادەدەکرا ئینجا گەڵێ خیزان لە هەمان شەو مەولودی ئەگێڕا .

( گوێزەبانە ) لە بونەکانی دی خێزانی کۆیە بو , زو لەکورتی دا لە دوا سالآنی چلەکانەوە بە دەگمەن لە نێو کۆمەڵ رووی دەدا , گوێزەبانە واتە – گوێی وزبان – ئاهەنگێی بو زۆر لە چوارچیوەیەکی تەسك ئەگێڕا بە لای ئایینی رادەشکا , لە هەفتەی سێیەم وچوارەم ژنانی گەرەك بە مەبەست خێر کردن دوعاو لە خوا پارانەوە کە منالە تازە لە دایك بوەکە ساغ بێت لە گوێ وزبانی واتە( کەرو لاڵ ) نەبێت چونکە منالْ لەم تەمەنە بە بۆچونی ئەم کات گشت کەم وکورتی پێوە دیارە هەر زمان وگوێچکە نەبێت هەڵبەتە بەم بۆنەوە چەند دانە چکولێت لە ناو کوڵێرەیەکی ( ئەستوك ) گەرم لەسەرمالآن دابەش دەکرا .

گەرماو ئەویش لە شاری کۆیە داب ونەرەتی خۆی هەبو بە تایبەتی لە بونەکانی فامیلی , لە کۆیە هەر وەك بزانم دو گەرماوی ناسیاو هەبو بە تایبەتی گەرماوی بەفریقەندی کە برێتی بو لە گومەتێ گەورە لە ناوەوە قولەتێن و جورنەی ئاوو تاتە شۆر وچەند ئامرێکی شۆرین و چەند مێزی تەختە بۆ جلْ گۆرین وحەسانەوە لە گەڵ چایخانەیەکی بچوك بۆ چایەو شیرو دارچین . کولخانەی گەرماو بە تەپارەو قشپیل و زبلْ گەرم دەکرا , کەڵەکەی پاشماوەی سوتەمەنی (مشکی ) بەتەك گەرماوەکە کەڵەکە کرابو چی لە گومەتەکە کەمتر نەبو بوبوە شوێنی گەمەو یاری منالآن , گەرماو لە بەرە بەیان تا چێشتانێ درەنگ بۆ پیاوان لە دواییدا بۆ ژنان , لە هەر گەرماوێك چەند سەرشۆر هەبون بە (ناتر ) ناسرابوون بۆ شۆرینی گەرماوکەران بە داواکردن بە کرێ – 15– , رۆژی گەرماوی خێزان پێویست بو سەرشۆر بوخچە – 16– و قودی لیفەو سابون و دەرمانی ژنان و چەند شانەی چوارگۆشەی لە دار دروست کراو کە دۆمەکان دەیان کرد زوبەزو بیان باتە گەرماوو شوێنێ دابین کات , قودی گەرماو خڕاوی لە مەعدەنێ سوك بە قەسدیر یا زیو بۆیە دەکرا . هەروها لە گواستنەوی بوك دەستەخوشکی و خزم و چەند کەسانی ئافرەتی نێزك زاوا لە لایەن ماڵێ کیژە لە گەڵ بوك بەخلوەت –17– داوەتی گەرماو دەکران , لەلایەکی دی زۆر جار بە هەراوهۆریاو بەستە کورەش بەهەمان شێوە گەرماوی پێ دەکرا . شایانی وتنە گەر رۆژی گەرماو رۆژی حەسانەوە بو لە هەمان کات هەلێك بو بۆ لاوو کورانی دڵدارو چاوباز کیژەش بە جل وبەرگی جوان و دەست وبازنی زێر ناسك ونازدار خۆی ئەنواند گەرماو ڕێگای گەرماو لە گەڵێ بەستەو گۆرانی رەنگی دابۆوە . لەلایەکی دی گەرماوکردنی بەرە بەیان لای هەندێ پیاو جێی شانازی پیاوەتی بو بە پێچەوانە کەم گەرماوکردن جێی پەلآرو توانج وگاڵتە بو , بۆیە بو خۆ پاراستن لەم بارەوە گەڵێ پیاو هەرنەبی هەفتەی جارێ یا دووان لە گەرماوی بەرەبەیان خۆی بە دی دەکرد هەڵبەتە لەم دەورە بە دەگمەن گەرماو لە نێو مالآن هەبوبێت .

لە سەفەرەکانم بۆ ئەستەنبول لە مۆزەخانەیەك گشت ئەم ئامێرانەی باسم کرد بەلکو زیاتریش بە دی دەکرێ هەروها لە مۆزەخانەیەك لەبەغداو هەولێر . لە کۆتایی ئەم باسە ئەڵیم گەرچی ئەم داب ونەرەتە لە بارەی شاری کۆیەوەیە بەلآم بێگومان گشت کوردستان دەگرێتەوە چی کەم یا زۆر لەوەشە بترازێ بۆ گەلآنی رۆژهەلآتی ناوەراست و دور تر .

بەش بە حالّی خۆم هەندەم لە ناوی ( کۆیەو کۆی سنجەق ) نەخوێندوتەوەونەکەوتووە بەر چاو , بەلآم بێ گومان وشەی ( سنجەق ) عوسمانیە لەگەڵێ ولآتانی عوسمانیەکان ئەم ناوە لە چوارچیوەی ئیدارە بە مانای قەزا کەمتر یا زیاتر بەکارهاتووە . غەفوری میرزا کەریم لە بیرەوەریەکانی بە ناو ( کێومالێ بەناو بیرەوەریەکانمدا ) ئەڵێ : { لەشکری ئیسلام بۆ بلآوکردنەوەی ئاینی ئیسلام هێرشێکی بەر فرەوانی لە هەولێرەو کردە سەر ناوچەی جاڕ (کۆی سنجەق ) ... کۆیە , لەمێژەوە ئەم ناوەیە بە – کۆی جاڕ – ناسراوە , کاتی خۆی تورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی ناوەکەیان کردووە بە ( کۆی سنجاق ) ... _جاڕ_ بەواتەی ( جێگە , شوێن , مەڵبەند , لانە دێ ... هەرە کۆنترینیان وشەی هاوجاڕ .. لەسەر شێوەی هاوجاڕ وشەی لێکدراوی ترمان زۆر هەیە لە وانە گوڵجاڕ – برێتیە لە پارچە زەویەك بە گوڵ وجۆرەکانی رازاوەتەوە وتەنراوە ... بە

بیرو بۆچونی من گوڵزار لەریشەدا گوڵجاڕ بووە رۆژگار تاوتۆوی پێ کردوە بەسەر زمانەوە سوراوە بوبە ووشەیەکی ناسک وخۆش وبوە بە گوڵزاڕ ... بۆ نمونە ( پیازەجاڕ , گۆجاڕ , نێرگزەجاڕ , ئەسپون جاڕ , مەرەزەجاڕ , گزرەجاڕ , توتنەجاڕ , گەنمەجاڕ ...}

---

گەرچی باوکم لە ساڵی 1900 لە کویە لە دایك بووە بەڵام رگێکی بۆ شاری کەرکوك دەگەرێتەوە , باوکی – عەلی فەندی – ناسراو بە – عەلی شاڵی – لە کەرکوك لە دایك بووە بەتەمەنی لاوی دا بە فەرمانبەری دەوڵەتی عوسمانی گواستیتیەوە کۆیە هەر لەم شارەش ژنی هێناوە . پیش بیست ساڵ لەمەوبەر لە بەغدا چاووم بە

–عەبد جاسم – کەت لەم کات هەشتا ساڵی تێپەراندبو لە دانشتنەکەمان هاتەسەر باسی بنەماڵەی باوکم وتی ( من عەلی فەندی باپیرتم دی بو , بەریوەبەری دارای ناوچە بو پیاوێ چارشانەو و روپان وسمێڵ گەورە , قەننەکەی ئەمەندە درێژ بو پیاوێ لەم سەر بۆی ئاگر دەدا ) .

بە ناوهینانی ئەم پیاوە بە رێزو و بلیمەت و ئازایە شایانە هەندێ لە بارەی فامیلی بدوێن , هەردوبرا عەبد جاسم و عبدالمطلب – عەبدولموتەڵیب – لە تەمەنی هەرزە کاریەوە لەشاری تکریت گواستنویانەتەوە شارۆچکەی (ناحیە ) طقطق لە قەزای کۆیە لەسەر قەیاغەکەی (کەڵەك) ی زێی تەقتەق لە جوگرافیا پێی ئەڵێن – الزاب الصغیر– واتە زێی بچوك کاریان کردوە بۆ پەرینەوەی خەڵکان و مەروماڵات و شتومەکی بازرگانی– 18–, پاش چەندین ساڵ لە شاری کۆیە دامەزراون هەر لەم شارەش ژن دەخوازن . سێ کوری هەبون خیرالله –خێروڵا– کوری گەورەی لەسەر ئەرکی وەزارەتی بەرگری کۆلیجی دختۆری لە (پاسەلۆجی ) لە بەریتانیا تەواو کرد هەر لە م وڵاتەش ژنێ بیانوی مارەکرد لە ئەرتەشی عیراق بە دختۆری عەمید دامەزراو لە هەمان کات – موختەبەری پزیشکی لە مەیدانی – تحریر ( تەحریر ) لە بەغدا – کردەوە و چەند جارێ سەردانم کرد پیاوێ زۆر کرو بەسەنگ و بەرێز . لە هەشتاکان لە سەدەی رابوردو بە پەیرەوی قانونی رژێمی فاشستی بەغدا ئەبوا ژنە ئینگیزەکەی تەڵاق دات یا لە عەسکەری نەمینێت , ئەم بەخۆو هاوسەری بە پەڵە عیراقیان بەجێ هیشت بۆ بەریتانیا , پاش چەند ساڵێ قەدەر مەودای نەدا خێزانی بە نەخۆشی شیرپەنجە کۆچی دوایێ کرد . وابزانم خێروڵا تا ئەم رۆژگارە نەگەراوەتەوە وڵات .

اکرم –ئەکرەم – لە ئەرتەشی عیراق بە پلەی – عەمیدی تۆپچی – گەیشت , ئەفسەرێ لێوەشاوەو ئازاوبەجەرگ , خاوەن بیرو باوەری مرۆڤایەتی و ئاینی وعەسکەری راستەقینە . بوی گێرامەوە لە کاتی هێرشە درندانەکانی رژێمی فاشست بۆ سەر خاکی کوردستان ئەم ئامیری هێزی تۆپداربوە لە ناوچەی رەواندوز وباڵەکان داوای لێ کراوە ئەم ناوچەیە بێی هیچ پەروازەیەك تۆپ باران کات ئەم نەیکردوە چونکە بە تارگێتی ئەرتەشی حیساب نەکردوە گشتی شارستانیی وگوندو دێهات بوون , هەڵبەتە ئەم هەڵوێستەی ئەکرەم بە خیانەت و گەڵێ تومەتی دی لە قەڵەم درا و دەستی لە کار کێشرایەوە بۆ دادگای عەسکەری ناوبەد بۆ رێ خۆش کردنی بەرەو ئیعدام . باوکی – عەبد جاسم – بە دەوراستی خۆیی و رێزی وجەسوری لەلایك خزمانی زۆری لە پیاوانی تکریتی دەسەڵاتدار لە حوکم ودەوڵەت لەمان – طاهر یحیی -- تایر یحیا – سەردەمێ سەرۆك وەزیر – لەلایەکی دی ئەکرەمی کوری لە ئیعدام رزگار کرد خانەنشین کراولە بەغدا جێنشین بو ,لەم ماوەی لە بەغدا بوم گەڵێ جار بەیەك دەگەیشتین پوکابۆوە ئاشکرابو کەمتمانی نەبو لە پیاوە درندانەکانی رژیم تا بەرێکەت لەم وڵاتە بیستم کە بە فەرمانی هەتیوەکەی سەدام قصي کوژراوە و کوری گەورەشی – ( نمیر) – نەمیر– وادەمێکە لە دەرەوەی وڵاتە .

کوری سێ یەمی – سامی– ناو ئەوەی راست بێ جارێ لەماڵیان لە خزمەت باوکیان ناسیم , مامۆستای شێوەکار بو لە یەك لە قوتابخانەکانی بەغدا . خێزانی عەبد جاسم وبرای عەبدولموتەڵیب گەرچی لە بنەماڵەی تکریتیەکانن بۆ نەتەوەی عارەب ئەگەرێنەوە بەڵام پەروەردەی کۆیەن و هەستی کوردایەتیان زۆر بەرز – 19 – , خۆ ئەکرەم بە شەهیدی راستە قینەی شۆرشی کوردستان لە قەڵەم دەدرێ , عەبد جاسم گەرچی زۆر بەتەمەن بو بەڵام بیری زۆر تیژ باسی پێش پەنجا ساڵی دەگێراوە هەروەك دوێنێ قەومابێ . غازی کوری عەبدولموتەڵیب لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا بە فەرمانبەری ( وێنەگر ) دامەزرابو .

عەلی فەندی جگە لە باوکم دو کوری بچوکتری هەبو –جەمال وعەبدوڵستار –جەمال پولیسی سوارە بوە تاکە کوری بە ناو –فاضل – فازیل – لە کۆیە چەندین ساڵ شاگردی وەستا مەعروفی بەربەربو تا دوکانی بەربەری بۆ خۆ کردەوە – 20– .دو کوری لاوی لێوەشاوەی شەهید بو لە پەرۆشی وغەمگینی هەردوکورانی سەری نایەوە , لە هەولێر سەردانی دەکردین بە یەك شاد دەبوین لە بەغدا کەمتر , عەبدوڵستار بە – پاشا – ناو دەبردرا ,چی بەچی نەکرد دەست وپێی سپی بێ ژن وماڵ و کاروکاسبی , تا باوکم لە ژیان بو بەزۆری لای ئێمە حەواوە پاش مردنی لە هەولێر لای برازای برا گەورەم تاوی لای خوشکی گەورەمان تاویی دی هەروها لە کەرکوك لە ماڵێ ئامۆزای (حەسەن نەجم ), . پاشای قوربانی پەروەردەی

خراپ و نالەباری دایك وباوکی – گۆیا پاشە بەرە بوەو زۆرخۆشەویست لە رادەبەدەر تا رادەێی ناویان بردووە بە پاشا لەهەشتاکان لە هەولێر ئەمری خوای کرد.

باوکم سێ مامی هەبون ( تەیفور . شەفیق , نەجم ) . ( حەسەن کوری نەجم ) لە تەمەنی هەشت ساڵی لە شاری ( ماردین ) لە کوردستانی تورکیا لە ماڵی باوکی جیا بویتەوە بە تەنیا خۆی بە خزمانی لە کەرکوك گەیاندووە ئینجا دو برای مدحەت وشەوکەت , لە گەڵ حەسەن هاموشۆم زۆر خۆش بو گەڵێ جار لە کەرکوك لای ئەم لام داوە پیاوێ زاناو زیرەك وهەڵکەوتو بە پێچەوانەی – پاشا– بە دەست وبازو ماندوبونی خۆی پێگەیی لەم سەردەمەدا خۆیی وکورانی خاوەن سامانێکی زۆر ئەستورن لە کەرکوك پێشەکی بە دوکانەکەی پاقلاوەو وکێك و گشت جۆرە شیرنەمەنی بە ناو ( حلويات الاطلس ) شیرنەمەنی ئەتلەس – لەسەر شەقامی ئەتلەس ناسرا . لەم ساڵانەی بە دواوە کردیە بازارێ گەورەو گەڵێ دوکان , حەسەن بێ قوتابخانە فێری نوسین وخوێندن تا پیتەکانی لاتینی ونوسینی تورکی هەروها دەوراست لە زمانی کوردی وعارەبی , چەندین ساڵ وەك زۆربەی دەوڵەمەندانی کۆنە کەرکوکی تورکچییایەتی کرد هەروها منداڵەکانی زۆر تورك پەرست , بەڵام حەسەن زو خۆی لێ کیشایەوە بەرەو ئایین وابو مزگەوتێ گەورەی لە گەرەکی ( عەرفە) کەزۆبەی دانشتوانی مەسیحین دامەزراند بە ناوی مزگەوتی ( حەسەن نەجم ) لەم کات ئەمان بەرهەڵستی ئەم پرۆژە یان بە توندی کرد نارەزابون بە بونی مزگەوت لەم گەرەکە . حەسەن کیژو کوری زۆرن کوری گەورەی بەناو صباح –سەباح – کیژی گەورەی کۆلیجی دختۆری لە هەولێر تەواوکرد –21– ئەڵێن رۆژگار چەرخ وفەلەکەو بێ ئەمانە حەسەن بۆی گێرامەوە کە ماوەکی زۆر لە فرن وپیشەنگای شیرنەمەنی وپاقلاوەو کێکی ( ئەرمەنی ) یەك لەکەرکوك بە شاگرد کاری دە کردوە رۆژێ کابرای ئەرمەنی داوای لێ کردووە کە بیفرۆتێ گەرچی حەزی کردوە بەڵام غیرەتی قبوڵی نەکردوە کە شوێنی بگرێتەوە . لە ئەنجام بە ناچاری بە فرۆشتن بۆی بە جێ هێشتوە حەسەن خێرێکی زۆری لێ دیوە کابرای ئەرمەنیش بۆ چەند ساڵێ بێ سەرو شوێن تا رۆژێ پەیدا بۆوە پەشۆکاوو بێ مودوکەساس تکای لێی کردوە بە شاگرد رایگرێ , حەسەن هەر بە وەستای خۆی دەزانی جێی خۆێ بۆ چۆڵ دەکات ئەڵێ بگەرێوە سەر وەزعی جارانت , قبوڵ ناکات وبۆی ناکرێ لەئەنجام دا رۆژانەی بۆ دەبریتەوە ئەمیش تا مردنی زۆر بە دڵسۆزانە ئیشەکانی دەباتەسەر . تورکچیاتی حەسەن و مناڵەکانی نمونەیەکی زۆر زەقە لەبارەی هەستی نەتەوایەتی کە زۆربەی دەگەرێتەوە بۆ پەروەردەو بارودۆخ و دەراوپشتی کە مناڵ لە ناویا گەورە دەبێ وپێ دەگات وژیان دەباتە سەر بۆیە زانست دوپاتی کردەوە کە ئەسڵ و فەسڵ یا خوێن هیچ رۆڵێکی نیە لەم بارەوە , من لەم بروایەم گەر حەسەن نەجم وەك بنە ماڵەی عەلی فەندی لە کۆیە دامزراباو هەر لەم شارە ژنی هینابا خۆیی و منالانی و نەوەی لەچەشنی بەرەی عەلی یە فەندی دەبوون خۆیان بە غیرە کورد نەدەزانی ، لەلایەکی دی ئەبینین شەفیق کە ئەمیش مامی باوکم بوو نازانم چۆن کەوتوبوە شاری ( دهوك )– بیستم سەردەمێ بەریوەبەری دایرەی شارەوانی دهۆك بوە – هەر لەم شارەش ژنێ عارەبی موسلاوی هیناوە حەفت کیژو کورێ لەم ئافرەتە بوە , کوری بە ناو ( یونس ) کۆلیجی کشتوکاڵی لە ابوغریب ( ئەبو غرێب ) تەواو کرد لە دەورەی ( احتياط )–22– ئیحتیات – مایەوە بو بە ئەفسەری ئەرتەش بەڵام زۆر زو بە نەخۆشی تەمەنی لە دەست دا ئەمانیش زیاتر خۆیان بەرەو عەرەب دادەشکاند, لەبارەی تەیفور هەر ئەوەنەم بیست کە حەسەن نەجم لەسەردانەکانی بۆ ئەستەمبول سەردانی ماڵی مامی کردوە ئەیوت ئەمیش کورونەوەی زۆرەو زۆریش دەوڵەمەندن .–23–

لە هاوینێ ساڵانی سەرەتای پەنجاکان هەندی ژمارەی موڵك و زەوی بەرەی باوکم لە خزمانی لە کەرکوك دەست کەت منیش بۆ تۆژینەوە لەم موڵکانە سەردانی فەرمانبەری ( مەساحەی ) تاپۆی کەرکوکم کرد (کەریم عەزیز) کەوەختی خۆیی دراوسێ وهاوقوتابی براگەورەم بووە لە کۆیە پاش لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەت کە گشتی موڵکەکان دەمێکە بە ناوی دو خێزانی تورکمانی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار ( ئاوچی ونەوتچی ) تاپۆکراوە و لەدەست دەرچوون , لەم موڵکانەی لە یادم ماوون شوێنی ئوتێلی ( سەمیرامیس )ی ئێستا لە کاتی خۆی لەسەر بەستی خاسەی کەرکوك ئاشی ئاوێی بووە بەناوی ئاشی ( عیسا گاور) ئەم پیاوە چەندین ساڵ ئاشەکەی گێراوە هەروها [ جوت حەمام وشوێنی دەرمانخانەی شفاء ئێستا لە ئیمام قاسم , خانوێك لە قەڵای کەرکوك ]–24– لەمانەیە گەڵی دی هەبوبن .

---

تێبینی

--------

لە فێبروەری ساڵی 2002 دارشتراوە لە مارتی ساڵی 2005 پوختەو زیادەی کراوە .

## پەراوێزەکان

1- بڕوانە بەشەکانی پێشو

2- وەزیری پەروەردە لە حکومەتی هەرێم لە سلێمانی , لە حکومەتی عیراقی کاتی بە سەرۆکایەتی ( ایاد علاوی ) وەزارەتی ئیش وکاری ژنانی پێراسپاردرا .

3- لە شەقامی سەعدون لە بەغدا لە یادم نیە چی ساڵێ دوکانێ بە ناوی – مکتبه الفکر یا .. الفکرالجدید ( کتێبخانەی بیری نوێ )کرابۆوە , بیستم خاوەنەکەی خەڵکی سولەیمانیە , رۆژێ بە ئەنقەست سەردانی مەکتەبەکەم کرد , دیم خاوەنەکەی لە کورنەکی سەرەوەی دوکانەکە لە پاڵ مێزێ بچوك واخەریکی خویندنەوەیە ... منیش هەر لە پێشەوە دەستم بۆ چەند کتێبێ درێژ کرد چاوی پێ داخشێنم – گۆیا وەك کریارێك – زەینم دایێ گشتی چەپڕەون بەرەو تیوری ( ماوی ) گەرچی خۆم گێرکردوخافلاند بەڵام خاوەنەکەی هەروەك هەستم پێ نەکات وابو سەری لە کتێبەکەی هەڵنگرت لە خوێندنەوەی بەردەوام وەك پێم بڵێی کاکە رابە خوێندنەوەکەم لێی تێك مەدە , منیش بە ئاسپایی بۆی دەرچوم بێ دەرفەتێ بۆ دو قسەو یەکتر ناسین , دوایی زانیم کە شێخ شهابە .

4- بەزۆری کیژهیچ رای نەبو لە خودی مێرکردنی تەنانەت لە کورەی داخوازیکەر , هەرنازەزایەك لەم بارەوە بەتوندی بەرهەڵستی لێی دەکرا .

5- لە هەندێ خێزان ( شیربای ) ئەبوە کێشە . دایکی کیژە لەبەر هەژاری یا چاوچنۆکی داوای دەکرد ئەویش بە پارەی کاش بو , ئەم چەشنە داوا کردنە زۆر پەسند نەبو وا لە قەڵەم دەدرا کیژە ئەفرۆشرێ .

6- کیژ لە مێرکردنی بە خشڵ وزێر هەڵدەسەنگرا بۆیە دایکی هەمیشە داوای پارچە زێری گەورەی دەکرد, لەلایەکی دی داخوازکەران لە پیاوانی ناسراو ماقول و بە جێ جێی شانازی ماڵێ کیژە بو .

7- بە دەرچونی ( قانونی ئەحواڵی شەخسی ) لە ساڵانی پەنجاکان پێویستە ئەم مارەیی یە لە دادگای شرعیە تۆماربکرێ یا یەکسەر بێ مەلا– لەم دادگایە سازدرێ بۆ ئەمەی شێوەی رەسمی وەرگرێت , گەلێ خێزان پێشەکی لای مەلا کیژە مارە بر دەکەن ومەحکەمەش بەدواییدا . مارەیی بە میسقاڵە زێربو چەند زۆربێ ئەمەندە ماڵێ کیژە خۆی پێ هەڵدەکێشی , هەندێ خێزان مەبەستی لە مارەیی قەبە دابین کردنی دوا رۆژی کیژیان بو لە گەڵ وەش هەندێ خێزان بە چەند مسقاڵ رازی دەبون چونکە زیادەی بەشەرع جایز نیە.بە ئاسایی زۆربەی 19 میسقاڵ بو .

8- هەندێ جار لە بنەرەتا لەبەر هۆی فیسلۆجی کیژ پەردەی ئاسایی نەبووە یا لە مندالی لە کەوتنێ بێ وەی هەستی پێ کات نەیماوە بەڵام کێ هەیە ئەمانە ساغ کاتەوە .

9- لە زۆر خێزان لە مەیان چەند رۆژێ گواستنەوەی کیژ , باوك وکوری گەورەی لە ماڵ نەدەمان تەنانەت هەندێ شاریان بەجێ دەهێشت , لایان شورەیی بو کیژیان شوی کردوە .لەلایەکی دی زۆر جار کورەمام داخوازی راستەقینەی کیژە مامی نەبوە بۆ رازی کردنی زۆربەی بە پارە ئەم ئیدعایەی دەکرد.

10- کیژ بۆی نەبو سەردانی ماڵێ باوکی کات وروبەروبێ لەگەڵ باوکی وبراکانی بە تایبەتی گەر سکی بێت تا ئەم داوەتە ساز نەکرێ گەر شەش مانگیشی پێ بچێت , شایانی وتنە کە لە ساڵانی پەنجاکانەوە گەلێ خێزان بوك یەکسەر ئەگوازیتەوە بۆ شارێ گەورەتر یا هاوینەهەوارێك بۆ رابواردنی ( مانگی هەنگوێن ) , هەشە بۆ دەرەوەی وڵات .

11- ئەمە پێغەمبەرە ( نەکورتەو نەدرێژە لە رادەبەدەر جوانە ) گشتی مەولودەکە بەم شێوەیەبو .

12- تاقمی دەف و مقامی ئایینی لە کۆیە لە بەشەکانی پێشو باسم کردووە .

13- کە ئوتومومبیل هاتە گۆر لەسەردانی حاجی لە ماڵ یا هەرکەسێ بۆ یەکەم جار روبەروبێ لەگەڵی دستیان ماچ دەکرد .

14- چەندین ساڵە نەخۆشخانەکان ئەم ئەرکەیان بە خۆوەوە گرتووە , کاری سەیدوبەربەر نەماوە .

15- خێزانانی دەوڵەمەندو فەرمانبەران ناتری تایبەت وساڵانەیان هەبو بە کرێی مانگانە هەش بو بە ساڵ پێویستیەکانی ژیانی بو دابین دەکرا . سەرشۆر لە گشت بۆنەکانی خۆشی وناخۆشی خێزان لە خزمەت دابون جگە لە ئیشەسەرەکیەکەیان .

16- بوخچەی گەرماو لە قوماشی تایبەت و بە پەپولەکەوئاوریشم ئەدرا.

17- واته بۆ چەند سەعاتێ به تەنیا تەرخان دەكری بۆ گەرماوی بوك یا زاوا .

18- چەندجار بەم كەڵەكە پەریمەتەوە لەسەفەرەكانم بۆكەركوك وابزانم له ساڵانی شێستەكان بو پردێ ئاسنی لەسەر زێ یەكە دروست كرا.

19- باوبو كە( تاهیر یەحیا ) بەرەسن كوردن , گەرخزمایەتی عەبد جاسم وبراكەی لەگەڵ ئەم له بەرەباب بێت هەڵبەتە ئەمانیش به رەسەن كوردن , بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر روون نیه .

20- وەستا مەعروفی بەربەر باوكی مامۆستا ( محەمەدئەمین ) له بەشەكانی پێشو باسم لێوە كردوون .

21- له پوختە كردنی ئەم بەشە بوم هەواڵی كۆچی دوایی حەسەن نەجم گەیشت تەمەنی له هەشتا ساڵ رەت بوە .

22- دەرچوانی كۆلیج خدمەی ئیحتیاتی عەسكری دەیگرتەوە بۆ ماوەی 9 تا 18 مانگ ,بۆیان بو له سلكی عەسكری به ئەفسەر بمێنەوە . بەش بەحاڵی خۆم 6 مانگم كرد لەبەر نەخۆشی بۆی دەرچوم .

23- عەلی فەندی وبراكانی ( نەجم , شەفیق و تەیفور ) هەریەكە له ناوچەیەك خێزانیان پێك هیناوەو بوون به خاوەن منال ونەوە به هەستی نەتەوایەتی جیاواز بەڵام به گوتەی حەسەن وا دیارە كه ئەم بەرە بابە له بنەرەتا ئەگەرێنەوە شاری ( ماردین ) له كوردستانی توركیا .

24- خزمێ ئەم خانوەی لەقەڵا بەكرێ گرتبو دوشەو لای مامەوە بێ ئەوەی بزانم كه ئەم خانویە كه لێی دەتۆژمەوە .

ماوێتی

ئوستراليا / نيسان / ئەپریلی 2005